لەبڵاوكراوەكانى نواڵەى نوێ زنجیرە (٢٠)

# عەشقى نێوان مامۆستاو كچە قوتابى

شاخەوان عەلى حەمەد

لەسەر ئەركى سەنتەرى رۆشنبیریى بەهـــرە بەچاپ گەیەندراوە

ناوی کتێب : عەشقی نێوان مامۆستاو کچە قوتابی

بابەت : کورتە رۆمان

نووسەر : شاخەوان عەلی حەمەد

تیراژ : (٥٠٠) دانە

پیتچنین و نەخشەسازی : (هیـــوا) بۆ کۆمپیوتەر

فەرزی بەرگ : سامان محمد صالح

چاپ : ئۆفسێتی (تیشك) - سلێمانی

ژمارەی سپاردن ( ٢ )ی ساڵی ٢٠٠٥ لەوەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە.

## سوپاس و پێزانین

برایانم (ئاری ئاغۆك) و (هوشیار نوری لەك) لەسەنتەری رۆشنبیریی بەهرە کە بۆ چاوهەڵێنانی ئەم بەرهەمە دەستپێشخەریان کرد.. نمونەیان زۆر بێ.

شاخەوان

## (بەشی یەکەم)

ئازاد گەنجێکی ڕەقەڵەو کەڵەگەتەی مەچەك ئەستووری سپیلکەیە، دوو ئەبرۆی کەوانیو لووتێکی نەزۆر قنجو باریكو نەزۆر فشی هەیە، لچو لێوێکی ئەستوور، چاوەکانی مایلەو ڕەنگ قاوەییەکی کاڵی تروسکەدارو زیتن. . دەم بەخەندە، ژیان بەدەمیەوە پێدەکەنیو بەهیواو ئومێدێکی گەشەوە دەڕوانێتە دوا ڕۆژو ئایندەی خۆی، باباکەی زاناو ڕۆشنبیرو سەرو زمان شیرین، خوێندنی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر- بەشی مۆسیقای تەواو کردووەولەمەڕ بەیەکەم دەرچوونی لەسەر ئاستی پەیمانگەکەیاندا،کاتێك دادەمەزرێ ناوی لەناو شار دێتەوە. . ماڵیان لەتەك ماڵمانەو نێوانمان تەنها سێ خانووە. . . ژنێکی خڕوخەپانی ڕەشئەسمەری ڕووخۆشو دەمو لفت شیرینی هەیەو لەو ژنەیدا، خوا دووکچو کوڕێکی پێداوە، وەك خۆیان دەگێڕنەوە هەموو منداڵەکانی ڕەشئەسمەرنو بەتۆزقاڵ چییە لەداکیان لانەداوە.

منو ئازاد زیاد لەحەوت ساڵە هاوەڵی یەکدیو پێکەوە لەیەك قوتابخانە وانە دەڵێینەوە. . زۆربەی بەیانیان بەجووتەو بە دەم پیاسەکردنەوە دەچینە قوتابخانە، تەنانەت لەگەڕانەوەشدا هەر بەیەکەوە دێینەوە، بۆیە ڕەفتارو هەڵسوکەوتو هەستانو دانیشتنمان کتو مت وەکو دووبرا وایە، بەردەوام شەوانە یائەو بەخاوخێزانەوە دێتە ماڵمان، یا ئێمە دەچینە سەردانیمان.

ئەوێ ڕۆژێ درەنگ هاتە قوتابخانە. . لە ناخەوە هەستم بەشڵەژانو گومانو ڕاڕاییەکی زۆر کرد: ( دەبێ ئازاد چی لێ قەومابێ، قەت وادرەنگی بەسەردا نەهاتووە؟! تۆ بڵێی لەگەڵ نەشمیلی خێزانی بەشەڕ نەهاتبێ یا لەسەر منداڵەکانی لەگەڵ دەرو دراوسێکانی لێی نەبووبێتە شەڕو گاڵەگاڵو دەمەقاڵێ؟!). لەو داڵغەیە دەتلامەوە. . کتو پڕ پەیدا بوو، سەروسیمایەکی گەشو کراوە، بەزەوقو زۆقێکی پڕشنگدارەوە سڵاوی کرد، پاکەتێ پاقلاوەی بەدەستەوە بوو، بەنەزاکەتەوە قەپاغی سەری هەڵپچڕیو بەڕیز لەسەرەوە پێداهات:( فەرموو قوربان. . فەرموو)

بەتـــەوس‌و حەپەســـاوییەوە لێکـــدیمان نـــۆڕی، هەریەکـــە لەدەلاقەیەکـــەوە سەیرمان دەکرد. . مامۆســـتا نـــووری بـــەدەم بزەیـــەکی بەمـــەغزاوە تـــووڕی هەڵدا: (دەك پیرۆزتبێ، بەسەرو دڵێکی خۆش، نەخشەشبێ لەهەمووان).

مامۆستا وشیار زەردەخەنەیەکی گەشی نایە سەر لێـــوو بـــۆ ســـوعبەت و بەزم‌و ڕەزم‌و خۆشی مەجلیسەکە، هەڵیدایێ: (دەی ئیشـــەڵڵا ئـــەو کوڕەشـــتان بەنازی دایك‌و باوکی گەورە دەبێ‌و بێگومانم ڕێی باوکی بەرنادا). بەم قسەیە هـــەموو واحـــاڵی بـــوون خێزانـــی ئـــازاد کـــوڕێکی تـــازەی بـــووە بۆیـــە بەواقوڕمانێکی قێزەونەوە لەقسەکانی ورد بوونـــەوە، مـــەلی بـــیرو ئەندێشـــەم ڕووەو جیهانێکی دیکە هەڵفڕی‌و دەگەڵ خۆدا کەوتمە ئاخافتن: ( پـــەککو . . عەجایەب ئەوقسەیە چییە بەنازی دایك‌و باوکی گـــەورە بـــێ؟! نـــا. . نـــا. . قەت ئەمە ڕاست نییە، بوختانەو بەدەمیـــەوە دەکـــەن. . مـــن دوێنـــێ شـــەو تاوەختانێکی درەنگ لەماڵیان مامەوە، بەم دووچاوانە نەشمیلی ژنیم دی، من زگم بووبێ، ئەو زگی نەبووە، ئـــەی کەوایـــە ئـــەم مناڵـــە چـــۆن پەیـــدا بـــوو؟! لـــەکوێوە هـــات؟! وەڵا خـــۆ دونیایـــە کـــێ دەڵـــێ منـــاڵێکی فڕێـــدراویان هەڵنەگرتۆتەوەو نەیانکردۆتە کوڕی خۆیان ؟! نا،ئەمەش ناچـــێتە ئەقڵـــەوە. . ئازاد هەزار جار بۆی باس کردوم کە دەچێتەوە مـــاڵ لەدەســـت بێعـــاری‌و قـــاو قیژەو لاتجمێی ئـــەمێك‌و ئـــەوێکی منـــاڵـــەکانی هـــەر ئەوەنـــدە نییەبەدەشـــتێ بکەوێ‌و سەری کاسی هەڵگرێ، ئەوجا هیچـــناکا سەرئێشـــەیەکی دیکـــە بـــۆ خۆی زیاد دەکاو منـــاڵێك هەڵدەگرێتەوە کەس نازانێ لـــەچ ژنێـــك بـــە دامـــەن پیسی‌و بەبیژی بەربۆتەوە؟! ئەو ماستە موویەکی تێدایـــە، گـــەر ڕاســـتیەکەی درکاند چاکە. . ئەگینا ناچار دەبم خۆ بخزێنمـــە نێـــو نـــاخی ئـــەو مەتەڵـــەو نهێنیەکەی پێ هەڵبێنم).

لەدەنگی: ( فەرموو مامۆستا) کەلکەلەی بیرکردنەوەم لەکەناری ئـــارامی نیشتەوە،بەبزەیەکی دەستکردەوە نەختێ خۆم هێنـــاوبرد: ( هـ. . هـ. . هـــا. . ئەوە پاقلاوەیە؟!).

هەردوودەستم بەکراوەیی بۆ ڕاگرت‌و جووڵاندم، کە درێژەم بە قســـەکاندا: (نا. . نا من پاقلاوەیەك هەڵناگرم نەزانم بەچ بۆنەیەکەوە هاتووە؟!).

ئازاد سڵەمیەوە، دەنگی گر وەك کوتەك قورس بوو، بێ سێو دوو هاتە جواب: ( دەی خۆت گران مەکە. . دەی وەریگرە. . جەناب چما لەم قوتابخانەیە هەر شتێك ببەخشرێ، دەبێ بە بۆنەو یادێکەوە بێ؟!).

زەردەیەکی سازگارم نیشتە سەر لێو: ( من لەوتەرحە مامۆستایانە نیم بەهەڵە شت وەرگرمو تووتی ئاسا یەکێك چی وت، بەدوایدا بیڵێمەوە . . من تۆ لەخۆم باشتر دەناسم، ئەوەی لەروخساری تۆی دەخوێنمەوە، شتێکی گەورەت لەبن سەرە جا گەر ئەمڕۆ ئاشکرای دەکەی باشە، دەنە سبەی دووسبەی سەرداوی ئەو شتە دەردەکەوێو من لە روانگەی خۆمەوە دەبێ وەك ئەو مامۆستایانە بڵێم پیرۆزە. . پیرۆزە بەدڵێکی خۆش، بەڵام داوای بەخشینم هەیە ناتوانم ئەوپاقلاوە وەرگرمو بیخۆم).

ئازاد داهاتەوە، بەدیقەتەوە سەرنجی پڕمانای تێبڕیمو بەچەشنێك نەتوانێ لەمە زیاتر ئەو نهێنیە پەنگخواردوەی ناخی حەشاردات، رووی وەرچەرخاندو لەیەکە یەکەی مامۆستاکان راما، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە: (برایان. . خوشکان بەڕاستی لێتانی ناشارمەوە نەکوڕمان بووە نەهیچێك، بەڵکو قسمەتێکە خوا قەڵەمی لێداوە، ئەشەوی رابردوو ژنم، ببوورن کچێکم مارە کردووە).

کەرووی بەلادا سووراندم، پاشماوەی قسەکانی تەواو کردو پاکەتەکەی بۆ راگرتم: ( دەفەرموو هەڵگرە، ئێستا دڵت داکەوتو ئاوی خواردەوە؟!).

بەهێواشی دەستم گەیاندێو دانەیەکم لێی هەڵگرت.

مامۆستاکان کەوتنە پستەو پستو چرپە چرپ دەتوت کاربۆ نەخشەیەکی گەورە دەکێشن : ( ئای کەکابرایەکی بوێرو بەجەرگە. . بڵێ چۆن توانی لەماوەیەکی ئاوا کەم ژنێکی تر مارە بکات؟!).

سوهامی بەڕێوەبەر حەزی دەکرد زیاتر بەزمەکە خۆشکا، نقورچێکی خەواندمێ و لابرۆیەکی لێ هەڵتەکاندم: ( دەی قسە بکە. . دەی ).

متەقم نەکرد، بەمە وەك دەرفەتێکی لەباری دەست کەوتبێ کەڕوخسارێکی شیرینو لەبەردڵانو منالانەی هەبوو، سووكو سانا لغاوی دەمی ترازاند: ( تازە مادامەکی سەرە داوەکەت کردەوە، دەبەجوانی بۆمان

بگێڕەوە بائێمەش لەو خۆشیەدا بەشدار بین، سەرەتا پێمان بڵێ: ئەوکچە ناوی چییە؟!ماڵیان لەکوێیەو چ کارەیە؟!).

ئازاد چاوەکانی بۆ چەند جارێ تروکاند: (ئەوەندە بەس نییە من ژنم مارە کردووە،ئیدی لەمە بترازێ چیتان بۆ باسکەمو چیتان بۆ بگێڕمەوە، چونکە...).

قسەکەیم لەدەم قۆستەوە : ( چونکە چی؟! هەی ئاگری بن کا، تازە ئەوەی لەبن بەڕێیە، بیخەرە سەر بەڕە).

ناوچەوانی تێکنا، بەسەری پەنجەی شایەتمان، پشتی ملی خوراند، کە چاوەکاڵەکانی هەڵگلۆفت: (بەڕاستی. . بەڕاستی. . بـ. . .) سوهام دەتوت هەموو گیانی بوەتە گوێ : ( بەڕاستی چی؟! من تۆ بناسم مەسەلەی ژن مارەکردنو شتی ئەوهالۆکە لەفەرهەنگی تۆدا نییەو خەیاڵ پلاوە، چونکە لەبچمترا دیارە تۆ ئۆمەری، چ ئومەرێك؟! گوێپەڕەی ملت ئاهێندە ئەستوورەو نەبێتەوە. . ئای کەخەریکە بەو سوعبەتانەت باوەڕ بکەین).

مامۆستا هێرش هەر هاتە سەر زمانی، بەڕەیەکی خستە مزگەوتەوە: (وابزانم مامۆستا ئازاد لەو نەوعە پیاوانە نییە بتوانێ لەبەردەم ژنەکەی بکۆخێ، ئەوجا ژنیش بێنێ کوجا مەرحەبا. . جا. . . ).

ئازاد قسەکەی پێ بڕی: ( نا بەزاتی خوای بەڕاستمەو سەری تۆم لەبن گر نابێ، خیلافی تێدا نییە).

بەتالووکەوە دامە قاقای پێکەنین: ( باشە مامۆستای بەڕێزوا دامانناژنت مارە، ببوورە کچت مارە کردووە. . لێرەدا چەند پرسیارێك خۆی قوتەکاتەوە، دەمانەوێ بزانین ئەو زاتە موبارەکە کێیە؟! چ کارەیە؟! کێ ناڵێ ئەوکچەی مارەت کردووە بەخزمی یەك لە ئێمە مانان دەرناچێ. . جەماعەت قسەکەم عەیبی تێدایە؟!). بەجارێ : (ئەشهەدو وایە).

ئازاد بەسەری زمانی هەردوو لێوی وشکبووی تەڕکردو دەمگەرمانە تێهەڵچوو: (کچەکە ناوی زینە ئۆمەرەو ماڵیان لەگەڕەکی سێتاقانە، ئێستا دڵتان داکەوت؟!).

هەموو کڕیان چنی،دواتر ئەوەندەما جارێکی دی پیرۆزبایی ئاڕاستە




بکەنەوە: ( دەی بەسەرو دڵێکی خۆش پیرۆزە گەر ژنی یەکەم  ماڵت لیٚ تێکنەدا).

کڕو بیٚ دەنگ، مووچڕکەیەکم بەلەش داگەڕا لە کەڵەموستی پێمەوە دەرچوو، لەفکران ڕاچووم : (چی ی ی؟! زینە ئۆمەر؟! هەی غەددار ئازاد چۆن توانیت ئەو کیژە ناسكو ئاغرو نازدارە هەڵخەڵەتێنی شووت پێبکا، تۆیەك خاوەنی بڕیٚ منالّی، وا وتمان زینە ساویلکەیەو بەقسەی لووسو بریقەدار هاتە بن بارەوە، ئەی باشە دایكو باوکی بەمە رازی بوون؟!).

بیٚ دەنگیەکی تاڵو قێزەون باڵی بەسەر ژوورەکە کێشا، کە دڕم بەو بێدەنگیەدا، چەند ووشەیەکم لەدەم دەرپەڕی ( قسمەت کردی، بەکەس  رەت ناکرێتەوە).

ئەویش ستایشی قسەکەی کردم: ( هەر ئەوەیەو تەواو).

* * *

## (بەشی دووەم)

من دەتووت شێت بوومە،خووو خدەم دابووە نهێنی رازیبوونی زینە بەمو مێشکی جەنجاڵم بەوباسەوە خەریکما: ( دەبێ سەرە داوی ئەو پەیوەندییە لەکوێوە دەستی پێ کردبێو کێ بەوکارە هەستابێ؟! ئاخر ئەوکچە لەسەرەتای تەمەنی لاوێتی دەژێو ئافرەتێکە من بیناسم هەموو کەس مەمنوونیەتیو ئامادەیە داوای دەستی بکات. . ئازادیش نەژنی تەڵاقداوەو نەژنی مردووە تابڵێین دەی ڤیروسیا قەیناکە ئەگەر منالێشی هەیە چییەو رێی تێ دەچێ، ئەمەش نەعەیبەو نەعار، دەستی خۆشبێ. . ئەوەندەی سەر دێنمو دەبەم نازانم بەچ شێوەیەکی لێکدەمەوە).

ئەو ڕۆژە تا دەوام تەواو بوو، دوورو نزیك ئەو باسەم لەگەڵی نەکردەوە، ناچارمام ئەوەی لەهەگبەمدایە بۆ دەرفەتێکی گونجاوی هەڵگرم تا دوو بەدوو، بەشێنەیی بیهێنمە گۆ.. ئەو رۆژە عەسرەکەی پێش ئەوەی خۆر دوازەردەو پەنجەی ماڵئاوایی لەیەخەی لوتکە بکاتەوەو بەرەو ئەو دیو داکەوێ، خۆم گۆڕی. . دەرگای حەوشەم خستە سەر گازەرەی پشتو چەند هەنگاوێکی سستو لەسەرخۆمنا. . ئازاد لەو ئانو ساتە دەرگای ماڵی خۆیانی کردەوە، قاتێکی رەنگ کراوەی کەتانی لەبەردابوو، سەریهەڵبڕیو بەبینینی من هەڵوێستەی کرد: ( ها ئەوە دەڵێی دەچیە بازاڕ. .؟!).

- ئا بەڵێ. . ئەی تۆ؟!

+ منیش بۆ بازاڕ دەچم، فەرموو بابەیەکەوە بڕۆین.

گەیشتمە راستیو لەجێوە چەقیم. . پێش ئەوەی پێ هەڵێنم:

- ئەو کاتەت باش.

+ باشتر. . تۆ چۆنی؟!

- باشم . . چ عەیبم نییە .

+ بەنیازی کوێی؟! تەمای کێندەرت هەیە بۆی بچی؟!

- ها دەڵێی چی، سەرێ لەئەسواق سیروان بدەین؟!

دایە تریقەی پێکەنین: ( ئیدی بەس نییە؟! . . بۆمن تەواو،شتەکان

بەکۆتا هاتن، باچوونە بەردەم ئەسـواق‌و راوەسـتان لەبەرامبەریـدا بەسـبیّ، گەر زۆریشت حـەز لێیـە، قەیـدینا لەبـەر دڵـی تـۆ سـەرێکیش لـەویّ دەدەین).

- نا، بەپێچەوانە هەر بۆ گاڵتەم بوو.

بایـەکی فێنـك هـەڵیکرد. . شـار جمـەی دەهـات. . جـەنجاڵی ئـەو حەشاماتە زۆرە، هەریەکە بەکارێکەوە سەرقاڵە. . یـەك دیّ‌و یـەك دەڕوا، بەدەم تەیکردنی ڕێگاوە سەرەتا دەگەڵ خۆدا سورت‌و خورتم بـوو، دواتـر بەهێنانەوەی شێرێك لێرەو شێرێك لەویّ، ڕاشکاوانە زارم گەڕانـد: (ئێێێێێـی مامۆستا. . . بۆت باس نەکردم ئـەو کچـەت چـۆن قایـل کـرد مێـردت پێبکا؟! منیش ماوەیەکە وەك جەنابت لەهەمان کۆڵانی ماڵە بـابی زینـە، کچێکی تازە هەڵچووی شۆخ‌و شەنگ چاوم تیّ دەبڕیّ‌و تا لەبـەر چـاویان ون دەبم، چاوم لیّ کەلا ناخاو چەند جاریّ ئیشارەتی داومـەتیّ‌و چاوەڕوانە لەبزێکی خۆش، قسەیەکی بەگوێدا بچرپێنم، هەرنا بەئیشـارەتێك وەڵامـی بدەمەوە،بەڕاستی سەرسام ماوم، نازانم چیبکەم؟! دەبـیّ قـەدەر هـەڵکات بەندەش وەکو تۆ بیکاتە دوو؟!).

ئازاد لەیادگاری ڕۆژانی رابردووی خۆی دەژیا. . بەئحم ئحمیّ قـوڕگی پاك کردەوە: ( باوەڕ بکە بەدەست من‌و تۆ نییە لە ئەزەلـەوە چـارەنووس‌و ژیانی هەر یەکێکمان ئەندازەیەکی بۆ دانراوە، هەیە دەبیّ ببێتە خاوەن سیّ ژن یاچوار، هەیشە تا دەمریّ ژنێکی بەنسیب نابیّ، خـودی خـۆم بـاوەڕم بـەدووژنی نییـە، کەچـی فرسـەت رەخسـا نابـیّ لەکیسـی دەی‌ـو دەبـیّ بیقۆزییەوە، جا بەینی خۆمانبیّ، کیّ دەڵیّ وابڕوا نایکەمە سیّ؟!).

بەگاڵـتە ئامێزەوە: ( لەجێی خۆت دانیشە. . ئـەو قسـە قـۆڕە چییە دەیکەی؟!)

هاتە وەڵام: (دەنە ئەوە سوننەتی ژیانە، ژیانیش هەموو شتێکی تێدا روو دەدا، هەندیّ شت هەیە حەزیشی پیّ ناکەی کەچی دەبـیّ بچـی بەپیریـەوەو پێشوازی بکەی).

بەحەپەساوییەوە چاوم تێـبڕی‌و رووی پرسـیارم ئاڕاسـتەی کـرد: (ئـەوە

دەڵێی چی؟! تۆیەك باوەڕی بەفرەژنی نەبێ، ئەو ژنهێنانەت لەپای چییە؟! ئەمەش هەر هیچ، تۆ هێندە متمانەت بەخۆ هەیە دڵی دووژن بەیەکسانی راگریو بەیەك چاو سەیریان کەی؟!).

بەپێکەنینەوە: ( ئیشەڵڵا).

نوکتەیەکم بۆی گێڕایەوە: ( سەرزەنشتت دەکەم لەئێستەوە وەکو ئەو کابرایەت لێ نێ، کاتێك لێیان پرسی: تۆ دووژنت هەنە گە رهەردووکیان کەوتنە رووبارێکەوە خەریکبوو بخنکێن، زووتر بەفریای کامەیانەوە دەچیو کێیان پێشتر دەردەکەی؟!. ئەویش سەری بادەداو بەپووزێکەوە دەڵێ: وابزانم ژنە گەورەکەم مەلەوانی دەزانێ).

سەری کەمتەر خەمی بۆ لەقاندم: (نا. . نائازیزم من لەو تەرحە پیاوانەنیم، زۆریش ئیتقانم بەخۆیە بێ فەرقو جیاوازی دڵیان هەردووکیان رابگرم، تێ گەیشتی؟!).

ئاهێکی قووڵی پڕ بەسیەکانم هەڵکێشا: ( هیوای منیش ئەمەیە تۆ لەدەردو بەڵاو کێشەو ئاژاوەی ناوماڵ بەدووربی).

سەد دوو سەد مەترێك مابوو بگەینە بەردەم چایخانەی مەچکۆ، بەروویەکی خۆشەوە: (دەبا تاوێ لادەینە چایخانەی مەچکۆو پشوویەك بدەین،ئەوجا سەروو چای خەستیش هەڵقۆڕێنین).

بەهەنگاونانێکی هێمنو لەسەرخۆ، پێمان نایە چایخانەکەو لەسەریەك لەکورسیە دار درێژەکان دانیشتین. . بەدەنگێکی نەشازەوە بانگم رادێرا : (ئا، وەستا).

شاگردەکە سەری هەڵبڕیو رووی بەلادا وەرگێڕاین: ( فەرموو قوربان؟!).

- بێ زەحمەت دووچای خەستو سولاحیەك ئاوی سارمان بۆ بێنە!

+ هەر ئێستە،بەسەر چاو.

-چاوت خۆشبێ.

ئەوەندەی نەبرد لەسەر سێنیەکی خڕ، کەبەسێ تەلی درێژ هەڵواسرابوو، دووچای خەستو سولاحیەك ئاوی ساردی هێناو لەسەر مێزە ئاسنە سێ پێیەکەی بەردەمی داناین: (یاخوا بەخێر بێن. . سەرچاوان).

بەیەکەوە: (چاوت خۆشبێ).

ئازاد چاوی لەپووزێکەوە بۆ پووزێکی تر گواستەوە: (من پێنج ساڵ پێش ئەمڕۆ پێش ئەوەی ژن بێنم، کچێکم خۆش دەویست بەکلۆجێ تابەو تاوە دەگات زاتی ئەوەم نەکردوە وەك نزیکترین هاوڕێو دڵسۆزی خۆم تەنانەت لای تۆش باسی بکەم. . تێگەیشتنم بۆ ئەو خۆشەویستیە دەرگای نهێنیەکی داخراو بوو کەنەهێڵم جگە لەگەڵ کەسی تر هیچی لەبارەوە بزانێ، بەهەر حاڵ دوای تەعین بوونم بەمامۆستا،ماوەیەکی هێندە زۆر نەبوو، ناوە ناوە بەیانیان وا ڕێ دەکەوت لەڕێی قوتابخانە ئەوکچەم دەبینیو هۆگری بووم، دوومانگی رەبەق تەنها دوور بەدوور بەچاو و بەدڵ شەپۆلی نیگاکانمان بۆ یەك دەنارد، ئەمە ئەو وەختەیە قوتابخانە بەرەو تەواو بوون دەچێو تاقە وشەیەك، پەیڤێکی کورت چییە لەگەڵیم نەکردووە، هەرنا پێی بڵێم خۆشتم دەوێ یا ئەو پێم بڵێ: تۆم خۆش دەوێ.. لەسەر دڵم بووە مەراق، کچەکە پانتاییەکی گەورەو فراوانی لەهزرو زەینم داگیرکرد.. بەغایەلەی ئەوەوە شەوم بەڕێ دەکردو رۆژێش دەبوو جارێ بەو کۆڵانە هامووشۆم بکردایەو بەبینینی ئۆخژەنم پێ دەهات، تەنانەت بەدەرنەکەوتنی وامدەزانی بۆن و بەرامەی ئەوەو هەموو لایەکی کۆڵانی پڕ کردووە ئەگەرچی بەسەیر کردنی ژنانی گەرەك قەڵس دەبووم، نەمدەزانی چۆن دەڕۆمو چۆن قاچەکانم هەنگاو دەنێن؟! لەو گەڕەکە ژنی مەکرۆو حیلەبازی ئەو تۆی لێیە بەچاوەزار تەماشای هەر زەلا مێك بکەن دەیدەنە عەردێ، تێشیان دایە ئەوەی بابای غەوارەیەو بەو کۆڵانە تێپەڕیایە، لەنووکی پێی تاتەوقی سەری تێبڕادەمان، بزانن چ جلێکی لەبەر؟! ئەوجلەی لەبەریەتی چ رەنگێکە؟! چ پێلاوێکی لەپێیە؟! دەمو چاوی چۆنە؟! چۆن دەڕواو . . . هتد، ئیدی ناچار بووم جار ناجارێ بڕادەرێ بەگەرە خۆ بدەم تاترسو بیمی سەرهەڵبڕینم بۆ ماڵی ئەو کچەو بینینی بشکێ.

وەرز: بەرەو هاوین دەچوو.

قسەو قەسەڵۆکی خەڵك تەنگی پێ هەڵچنیم، لەدەروونەوە کەوتمە

دووان: ( ڕەنگە خەڵکی گەڕەك بەوردو درشتیەوە بەو پەیوەندیەی منو ئەوکچە بزانن، واچاکە تاکار لەکار نەترازاوە نەخوازەڵا بۆ شەخسێکی وەك من گرانم لەسەر دەوەستێ، بۆیە دەبێ بڕیار بدەم چیتر بەوکۆڵانە نەیەمو نەچم). قسەکانم دەق وادەرچوو، رۆژی پاشتر دایکم بەزمانێکی تەڕو لەسەرخۆوە سەرزەنشتی کردم: ( کوڕە چاو کارمامزەکەم، تۆ چ منالکارەنی تا هاتوچۆ بەوکۆڵانە بکەی.. تێم دەگەی مەبەستم چ کۆڵانێکە؟!. . ئەم بەیانییە یەك دوانێ بۆ گلەییو گازەندە هاتنە لام، جائەگەر قسەی دایکت وەردەگری، پێم خۆش نییە گەرئیشێکی زۆر زەرورو پێویستت نەبوو، بەو دەرە تێمەپەڕە).



بەسەر بردنی سێ مانگ بۆ یەکێکی تازە ئاشق مەرگەساتێکەو هەر رۆژێکی لا سەد ساڵە. . تۆ وەرە لەسەرەتای وەرزی ئەڤینو سۆزی دڵداریابی، کەچی دەبێ بۆ ماویەکی دوروو درێژیش لەو خۆشەویستیە دابڕێیو نەیبنیەوە. . متمانەو ورەیەکی زۆرم دایە بەرخۆ، بڕیاربدەم بڵێم : ( ئارامگرتن بەرهەمی خۆشیو بەختەوەری مرۆڤە، جاسەر قاڵبوونو خەریکبوونم بەئیشو کارێکەوە تائەندازیەك لەو دونیایەو لەو بیرکردنەوەیەم دوور دەخاتەوە) واهاتە پێش ،هەر لەگەڕەکەکەماندا خولێکی دوو مانگی فێربوونی کۆمپیوتەر کرایەوە، ئیتر وەك هەر گەنجو لاوێکی ئەم گەڕەکە، بێ دواکەوتن خۆم گەیاندە سەنتەرەکەو لەوێ خۆم ناونووس کرد.

* * *

## ( بەشی سێیەم)

بەو قسانە مەلی خەیاڵم رووەو جیهانی پڕ ئەشقو ئەوین هەڵفڕی، ئاگام لەحەشتەبای خوای نەبوو، پڕتاو لەدەنگی (ئەو کاتەتان باش). راچڵەکیم دەتووت چەکوچێکەو بەر دەزگای مێشکم کەوتووە، بەشپرزەییەکی تێکەڵ بەزەلیلی،سەرم هەڵبڕی، ئازادیش سەری پڕکاسی بەرز کردەوە، وەکو دەنۆڕین ئەوە مامۆستا وشیارە، لەبەری هەڵساین. . بەهەڵپەیەکەوە دەستمان بۆ کورسی بەرامبەرمان درێژ کردو بەخۆشحاڵیەوە فەرموومان لێی کرد: (فەرموو دانیشە. . .یاخوا بەخێربێی سەرسەرو سەر چاوان).

- سەرتاننەیەشێو چاوتان کول نەبێ.

ئازاد بەسیمایەکی گەشو کراوە: ( فەرموو مامۆستا حەزت لەچییە؟! چ دەخۆیەوە؟! ماستاو بێ، یان شیر یاچایەکی عەنابی؟!).

زۆر بەنەرمو نیانیەوە: ( سوپاستان دەکەم دڵم ئیشتیای هیچ ناکا. . پێش پێی ئێوە لەماڵی پوورم شلێر دووچای بۆندارم هەڵلوشیوەو بەهەڵکەوت بەرەو ماڵ شۆڕ دەبوومەوە، کە ئێوەمبینی، بۆ خۆشیتان وتم با بەقەد جگەرەکێشانێك لادەمەلاتان).

بەدەم خواسو باسی دونیاو هەڵدانەوەی رۆژ ژمێرو لاپەڕەکانی ژیان، باس گەیشتە سەر خوانی قوتابخانە، بەزمانێکی شیرینەوە وتی: (ئەمڕۆ بوار نەبوو بۆتانی بگێڕمەوە، قەوما. . براتان ئەمڕۆکە دووقۆپییەی گرتووە. . بۆ ناپرسن لەکێ و چۆنت گرت؟!).

بەیەك دەنگ : ( دەباشە قۆپییەکەت لەکێ گرتووە جگە لەقوتابییەکی ماڵوێرانو سەر لێشێواو؟!).

درێژەی دایێ: (نا. . نەتانزانی. . دوو قۆپییەم گرتووە، یەکێك لەقوتابیو ئەویدیکە لەمامۆستایەکی خۆمان، رەنگە بەلاتانەوە سەیر بێ، بپرسن: چۆن مامۆستا قۆپییە دەکا؟!).

پرسیم: ( هەروایە. . وتمان قوتابی قوپییە دەکا قەیناکە، بەڵام قەت نەمانبیستووە مامۆستا قۆپییە بکا؟! قۆپییە کردنی مامۆستا بۆ؟!).

قسەکانی زیاتر سەرنجی راکێشاین، جەستەو بیرو هەستو هۆشمان لەئاقاریدا بکەینە گوێو ئەو شتە سەیرو تازەیە ببیستین. . تاوێك قرِوکپ، متەقی لێوە نەهات، کە لێوەکانی بەسەری زمانی تەڕ کرد، دەمگەرمانە تێهەڵچۆە: ( من لەخۆڕا سەرم لەبەر هەتاو سپی نەکردووە، هەر یەکێك جارێ ببینم یەکسەر ناخی دەخوێنمەوە، دەزانم چی لەدڵدایە،دیارە من دەمێکە درکم بەپەیوەندی نێوان مامۆستا شلێرو عومەر کردووە. . ئەمڕۆ لەچارەگی دووەمی دەرسی سێیەمدا نازانم بە چ ئێشکەوە بەرەو ئیدارە چووم، مامۆستا عومەرو شلێرم بینی، چاوم لێیان بزر کرد نەمبینن، ئەوان وەك رۆژێ پێشتر نامەی پڕ عەترو گوڵاوی ئاشقانەیان بۆیەك ئامادە کرد بێ، بەپڕتاوی نامەکانی بەر باخەڵیان دەرکردو ئاڵۆگۆڕیان پێکردن، عومەر بەملاو بەولای خۆی روانیو کەسێکی وای بەدی نەکرد، ماچێکی روومەتە شلو پەمەییەکانی شلێری کردو بەرەو پۆلەکەی ڕۆیی.. ئەمە یەك.. دەبڵێن ئێێیی؟!). بەتامەزرۆییەکی زۆرەوە: ( ئێێیی؟!).

وشیار سەری بۆ لەقاندینو لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: ( هەر ئەو رۆژە دەرسی کۆتایی، نامەیەکی دڵداریم لە ئەشکین گرت، بەگوێرەی ئەو نامەی خستبوویە سەر دەفتەرو کتێبەکانی ناو رەحلەکەی، پێ دەچوو چاوەڕوانی دەرفەتێکی بوو بێ بیداتە کامە چاوشین، بەئەسپایی نامەکەم دەرکرد، دەمو چاوی ئەشکێن وەکو پەلکە پیاز سپی هەڵگەڕا. . وەلێ خۆم لەگوورە نەبردو بەچەشنێکی واکە هیچ نەبووە، نامەکەم لەبەر دەرگای پۆلەکە هەڵپچڕیو کەوتمە خوێندنەوەی دێڕ بەدێڕی... با نامەکەتان بۆ دەرێنمو بۆتانی بخوێنمەوە.

کەکاغەزەکەی لەباخەڵ دەرکردو کردیەوە.

گوێ بگرن چی تێدا نووسیووە:

**بەناوی خوای سروشت و زانا**

**کەخۆشەویستی بۆ مرۆڤ دانا**

**بۆ/ لای خۆشەویستی هەمیشە لەیادم کامەران ..**

**ئەو کاتەش باش**

**جوانتری لەگوڵێ کە پێئەکەنێ**

**لەقووڵایی دڵ ئەو خەم هەڵئەتەکێنێ**

**هەر لەسەرەتاوە ئەو کاتەو گشت کاتێکت بەختەوەر، سەرفرازی، پێکەنین، سەرکەوتن، بەڵێ خۆشەویستم لەئەحواڵێکی گەرمت دەپرسم، هیوای دەرچوونت لە ئیمتیحانەکان بۆ دەخوازم.**

**بەڵێ کامەران من نازانم چیت بۆ بنووسم شایستەی تۆی هەبێ یاشایستەی فەزڵی تۆی تیابێ، لەلایەن منەوە سوێند بەیەزدانی پاك، خاین نەبم لەئاستی تۆ، لێرەداپرسیارێکم هەیە دەبێ بێ درۆ وەڵامم بدەیەوە. . گەر تۆ بۆ رابواردن لەگەرمی هەر لەئێستاوە وازم لێبێنە چونکە زەرەر لەنیوەی بگەڕێتەوە قازانجە. . لەکۆتاییدا بەخوات دەسپێرم، خوات لەگەڵ. تۆمن لەبیربەرییەوە، من تۆ لەبیر نابەمەوە گوڵ . . . دڵ**

**خۆشەویستی خۆت**

**ئەشکێن**


موچڕکەیەکی گەرمم بەلەش داهات. . رق و قینێکی بێشومار کەللە سەری تەزاندم بەجۆرێ یەکسەر بۆ لای ئەشکێن بگەڕێمەوەو سفتو سۆی بشکێنم . . جا سەرباری دەرکردنی لەقوتابخانە لەو بارەوە دایكو باوکیشی لێ بێداربکەمەوە هەرنا بچم نامەکە بدەمە جەنابی مودیر، ئیدی ئەو لێی خۆشدەبێ،دەری دەکا، چی لێدەکا، کەیفی خۆیەتی. . دواتر بەخۆمم وت: (چ حەوجێی ئەوە نییەمن بچم کێشەیەکی وابچووك گەورە بکەم). بەلەشێکی خاوو بێ پەروادەوە بەمسەرو بەوسەری پۆلەکەدا هاتوو چووم. . بەدەنگێکی ئارامەوە بانگم رادێرا: ( ئا کامەران ، تائێرە وەرە).

کامەچاوشین تاسا، لەجێوەهەستا. . هێدی هێدی بەرەو لام هاتو

بەڕێزەوە لەبەردەمم وەستا: (فەرموو مامۆستا؟!).

نەختێ لامدایە لاوە تاچاوی قوتابییانی لێ بزربێ، ڕاستەوخۆ کرۆکی باسەکەم هێنایە گۆڕێ : (کوڕم کامەران حەز دەکەم ڕاشکاوانە پێم بڵێی تۆو ئەشکین چیتان لەبەینە؟!، بەڵێن بێ گەر راستم پێبڵێی ئەوپەڕی یارمەتیو هاوکاریت بکەم . . دەنە خوا یەکەو نابێ بە دوو، درۆم لەگەڵا بکەی ریسوای دونیاو قیامەت دەکەم‌و چی خراپە بەسەرتی دێنم. . دەپێم بڵێ بۆچی ئەشکین نامەی بۆ نووسیوی؟!).

کامەران دایە پرمەی گریان، فرمێسك لەچاوانیدا فوارەی بەست، بەدەم هەنسکدانەوە زمانی گەڕاند: ( مامۆستا گیان بەقەبری پێغەمبەر ئاگام لەهیچ نییە، گەر بڕوام پێ دەکەی نەك هەر ئەشکین بەڵکو زۆر کچی دیش بێ ئەوەی سەیریان بکەم یان قسەیان لەگەڵا بکەم، بەزۆری زۆرداری یەخەم دەگرن‌و دەیانەوێ بەزۆر نامەیان لێ وەرگرم‌و دڵداریان لەگەڵا بکەم. . زۆرجار هۆشداریم داونەتێ توخنم نەکەون، بێ سوودە. . وازم لێ نایەنن. . بەو خوایە مامۆستا گیان سەرم سووڕماوە ناز خۆماو لەدەستیان چیبکەم؟!).



ئەندێشەم دوور رۆیی : (پێشینان راستیان ف گچکە پێی دەخشێنێ، بەڵێ ئەوەی ئەمڕۆ ل گلەیی چی لەئەشکین‌و کامەچاوشین بکەم؟!) بە پێم وت: (کاکە کامەران ئێستا تێ گەیشتم خ ئەوەی بچییە ژوورەوە، بڕۆ لەدەست شۆرە وەرەوە،بەڵام ها کەس بەمە نەزانێ‌و ئەوەی قس بۆ هەندێ کاری تایبەتی خۆی بانگی کردم. . با

(باشە بەسەرچاو. . زۆر سوپاس مامۆستا قسانە بۆوە،دەستی راستەی نایە سەر رانی راس بەرخۆ، راست بۆوە: ( من دەبێ بڕۆم، بەیارمەتیتان، حوا حافیز).

+ خواحافیزت بێ.

❊ ❊ ❊

## ( بەشی چوارەم)

دوا قومم لەپاشماوەی چایەکەدا. . ئازادیش لەساردبوونەوەی چایەکەیدا بەجارێ نایە سەر دەمیو هەمووی فڕکرد، ئەوجا پیاڵەکەی خستە ژێرەکەو بەپەنجەکانی دەستی هەردوو لێوی تەڕبووی سڕیەوە. . بەتالووکەوە بەگوێچکەیم دا چرپاند: (ئێێیی.. با بێینەوە سەر کاکڵی مەبەست....). قسەکەم تەواو نەکرد، ئەو بەهێواشی تەکانی دایە بەرخۆو قیت بۆوە: (هەستەبابچینە سەر قەڵا، ساتێ لەدیمەنە دڵگیرو دڵڕفێنەکانی شار رامێنین، لەوێ نەختێ دادەنیشینو چیرۆکەکەت بۆ تەواو دەکەم).

بەدوایدا رابووردم، کەوتمە پێشی. . . بەدەم رۆیشتنەوە دەستم گەیاندە بەر باخەڵو.. لەبەر دەم قاپی سەرەکی چایخانەکە هەقی هەردوو چایەکەمدا. . بە پەیژە دوورو درێژەکە هەڵکشاین، هەناسەبڕکێ تەنگی پێ هەڵچنینو ئارەقەی شینو مۆری پێ ڕشتین. . لەتەك پەیکەرە مەزنەکەی (ئیبنول مستەوفی) سەرچاوەمان گرت. . بۆ تاوێ دەتووت قڕوکپمان کردوە، جگە لەتەوژمی پشیو هەناسەی سوارمان، نەکۆخەو ورتەیەکمان لەدەم دەرنەچوو، کەماندوویێتیشمان حەسایەوە، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە تیلەنیگایەکی ئاڕاستە کردم: ( ئێی ؟! باسی ئەوکچەم بۆ تەواو نەکردی،وەکو وتم دوای دابڕانمان بۆ ماوەیەكو پاشان بەسەردا هاوین داهات کە. . . ).

ئاهێکی قووڵی پڕ بەسیەکانم هەڵکێشاو قسەکە پێبڕی: (پەککوو. . ئەوە دەمت شل نەبوو؟! من دەڵێم کۆنە کام بۆ بەبامەکەو باسی ئەو ژنە تازەیەتم بۆ بکە، تۆ هەرباسی کچێکم بۆ دەکەی کەهێشتا نە ناویت لا درکاندوومو نە هیچێك. . دەی مادام ئاوا موکڕی لەسەر ئەم باسە، دەی باشە کەی قسەکانت لەسەر ئەویان تەواو بوو پاشان باسی زینەم بۆ بکە).

ئازاد وەك نەبای دیبێ نەبۆران، خۆی لەگوورە نەبردو تێ هەڵچۆوە: (هەروەکو وتم هاوین داهات، بەنەدیتنی ئەو کچە، خەریکبوو شێتو شبڕم، دەتووت شتێکی گەورەم ون کردووە، شەپرزەو شڵەژاو،مێشکم جەنجاڵ، هەمیشی لەفکری ئەوکچە دابووم چۆن بیبینم؟! باشترین جێگە بۆ دیتنی

کوێیە؟! چۆن غیرەت بدەمە بەرخۆ ئەوەی لەکانگای دەروونما پەنگی خواردوە هەمووی بۆ هەڵڕێژم و ئەو خۆشەویستیە پاكو بێگەردەی خۆمی پێ ڕاگەیەنم؟! . . دنیایەکی سەیرو سەمەرەیە، لەوەتەی هەم قەت بەو چەشنە نەگۆڕاوم عەشقی کچێك ئابلۆقەی گشت گیانمدا. . ئەمە چ جادویەکە دەستی ناوەتە بینە قاقام؟! چیبکەم لەو تەلیسمە قوتارم دەبێ؟! چ بەدەست خۆم نییە، روو دەکەمە هەر جێگەو شوێنو بۆ هەر کوچەو کۆڵانو لایەك دەڕۆم، وێنەی پڕشنگداری سەرو سیما جوانو بزەو پێکەنینە بەمەغزاکانی ئەو کچەم دێتە بەردیدە. .وەك وتم چار نییە، باشترین ڕێگە چاوەڕوانی کردنەوەی قوتابخانەیە. . بۆ پڕ کردنەوەی بۆشایی ئەو سێ مانگەش، بەرایی پڕۆژەو ئیشەکانم لەچوونە ئەوخولەی کۆمپیوتەر دەست پێ کرد. . ئەو بەیانییەی بووە دەستپێك، زوو لەخەو رابوومو بەرچایم کرد، دواتر ئەوقاتو کرەی تاقە جاریێ بۆ ئاهەنگی بووك گواستنەوەی هێرش ناسحی پلکزام پۆشیبووم، ئەو جلو بەرگەم پۆشی، پێم نایە جادە سەرەکیەکەو بەپەلەپرۆزی هەنگاوی چوستو خێرامنا. . کاتێ گەیشتمە پرسکەی سەنتەر، کارمەندێك لەوێ دانیشتبوو، لەگەڵ سلاو و خۆ پێناساندن، لەبەرم هەستا، بەروویەکی خۆشەوە دەستی راستەی بۆ هۆڵەکە درێژ کرد: (فەرموو قوربان).

- ساحێب فەرموبی.

تابەر قاپێ هۆڵەکە لەگەڵم هات، دەرگاکەی والا کردو بەدەست ئیشارەی بۆیەك لە کورسیە بەتاڵەکان درێژکرد: ( فەرموو لەوێ دانیشە).

+ زۆر سوپاس.

- شایەنی نییە.

بەئەسپایی لەسەر کورسیەکە دانیشم،چاوێکی بەپەلەم بەملاو بەولای خۆدا گێڕاو لەسەر کورسی ئەولام کوڕێکی تازە هەڵچووی رەش ئەسمەر دانیشتبوو. . لەسەر کورسی لایەکی دیکەشدا کچێکی پرچ زەردی کەڵەگەتەی لێ بوو، پرچی درێژو خاوی بەسەر شانو ملیدا هێنابووە خوارێ، نەمدەزانی ئاخۆ دەبێ دەمو چاویشی وەك ئەو پرچە ئەگریچ وخاوەی جوانبێ

یان نا ؟! پڕتاو کچەکە دەستی گەیاندە پرچی سەر لا روومەتی‌و بۆ پشتەوەی هەڵداوە، نیگایەکی تاساوی بەلادا سووڕاندم. .بەمە چاو ئەبڵەق، هەر یەکەمان لەجێوە بووینە بتێکی بێ گیان: (ئای خوایە گیان ئەمە خەونە یازیندە خەون؟! دەبێ رۆژ لەکام لاوە هەڵاتبێ؟! ئەوکچەی ماوەیەکە پەرۆشی دیدەنیم‌و تامەزۆم لەگەڵیدا قسەیەك بکەم، وائێستا هاتۆتە بەردەمم). بزەیەکی واتا دار گرتمی، دەمم بەش بۆوە: ( ئەوە تۆی؟! چۆۆۆنی؟!).

هەموو ئەو ئاوات‌و ئارەزوانەی لەچاوانی دیاربوو،شەرم رێی‌پێگرت، سەری بەسەر سنگیدا شۆڕکردەوەو بەدەنگێکی ناسکەوە: (خۆشبی، بژی).

مامۆستای بابەت هاتە هۆڵەکە، دوای بەیانی باش، دەستی بۆ تەباشیرە رەنگ پەمەییەکەی‌سەر تەختە رەشەکە بردو کەوتە باسکردنی سەرەتای هەڵکردن‌و کوژانەوەی کۆمپیوتەرو چۆنیەتی چوونە ناو پرۆگرامەکان‌و ئەو بەرنامانەی پێویستە هەنگاو بەهەنگاو جێ‌بەجێ‌بکرێ. . من‌و کچەکە بەیناو بەین چاوی پڕ سۆزو موحیببەتمان یەکانگیر دەبوو، لەبیری یەکدی دەتلاینەوە.. بابەتی ئەو رۆژە کۆتایی هات.. پێش جیابوونەوەو رۆیشتنەوەی من‌و ئەو، نەختێك بەیەکەوە کەوتینە قسەو باس دەربارەی کۆمپیوتەر. . لەو رۆژەوە زیاتر ئاشنای یەکدی‌و زیاتر لێك نزیك بوینەوە . . بەیانیان پێش ئەوخەڵکە دەچووینە پرسگەی سەنتەرو پاشان بۆسەرکۆمپیوتەرەکە، لەدیار نەبوونی خەڵك لە دەوروبەرمان، هەر دەرفەت بلوایە بێ ترس‌و بیم‌و بەنیازێکی پاك‌و بێ غەوشەوە پەیوەندی خۆشەویستیمان ئاڵوگۆڕ دەکرد. .دڵمان هەربەوە ئاوی نەدەخواردەوە ـ شەوانە بەنامە هەست‌و سۆزی خۆمان بۆ یەك دەردەبڕی‌و بۆ بەیانیەکەی نامەکانمان دەدایە یەکدی. . ئەو خۆشەویستیە دووساڵی رەبەق درێژەی کێشا، ئیدی لەبێ ئۆقرەیی‌و ئارام نەگرتنمدا، هانام بردە بەر دایکم‌و داوام لێیکرد بۆم بچێتە خوازبێنی، وەلێ ئەفسووس لەجیاتی بەختەوەری‌و دڵخۆشبوون، هەواڵێکی دژوارو کوشندەو جەرگبڕی پێدام: (کوڕم کە چوومە ماڵیان قسەم زۆر کرد، وەك دەڵێن: زۆرم رێست ، جا لەبەر چاوە کاڵەکانی تۆو خاتری تۆ هەر هێندە مابوو خۆم

بخەمە ژێر پێیانو پێڵاویان ماچکەم، بەڵام بێ شوولّ بوو، بەکوردیو بەکورتی هەمو قسەکەیان خالّیکە، وتیان ئێمەکچی خۆمان لەکوڕی ئێوە چاکترو پیاوتر نادەین ئێوە چ غەوارەو غەریبە نین نەتانناسین بەڵام کچی ئێمە جاریٚ منالّەو تازە پۆلی چوارەمی ئامادەییە، خۆ نایەین لەپێناو مێردکردن لەمەکتەبی دەرکەین ئەوە چیە شوو دەکات، بۆیە تاخوێندن تەواو نەکاو دانەمەزریٚ، بەشووی نادەین. . بۆ ئەو وەختەش گەر قسمەت هەڵسا یەك دەقە چییە لەماڵەوەی راناگرین، دەبیٚ بەرێی خۆیا بڕوا). سیٚ شەو و سیٚ رۆژ نەحەوانەوە،نە خەوو خۆراکم هەبوو.. شەوانە خۆم دەنایە ژێر لێفەو تاخەو بەرۆکی دەگرتم، بەجۆشو بەکولّ بۆی دەگریام، شەوێکیان واهاتە مێشکم بچم وەکو ژن دەبە نەوتیٚ بەخۆ داکەمو ئاگر لەخۆ بەردەم، دواتر باشبوو شەیتانم بەنەعلەت کرد. . هەفتەیەك دوای ئەو خوازبێنییە، ئێوارەیەکیان باوکم بانگی کردمە ژوورەکەیو بەشێنەییەوە پێی راگەیاندم: ( کوڕم واتیٚ نەگەی بلّێی باوکم خۆم تیٚ ناگەیەنیٚو لێم بیٚ ئاگایە، چاك دەزانم باری دەروونیت شپرزەو ناتەواوەو لەژیانێکی پڕ سویٚو دژوار دەژی، پێم خۆشە بێژم لەوەتەی ژیان خولقاوە هەموو شتەکان بەویستو حەزو ئارەزووی مرۆڤ نەبووە، بەچەشنیٚ وەکو باوکێکی دلّسۆزو خەمخۆرو بەوەفا بۆ رۆڵەو نەوەکەی،گەر ریّزی باوکت دەگریو لەقسەی دەرناچی، داوایەکم لێت هەیە).

خەمبارو پەشێو، بەسەرسامیەوە وتم: ( باوکە گیان جا قەت تۆ قسەیەکت کردووە من لێی دەرچووبم؟!).

خۆشحالّیەك روخسارە چرچەکەی داگرت، بەستایشەوە: ( دەك ئافەرین.. بەڕاستی کوڕی باوکی خۆتیو بەتۆزقالّ لێت لانەداوە، کاکلّی مەبەست، خۆت دەزانی نەشمیل کچی مامتە،گچێکە لەو ناشیرینانە نیە پیاو رەتیکاتەوە.. مامت دووسیٚ جارە بەبەرگوێم هەڵدەدا، دەڵیٚ گەر ئازاد دەیەویٚ ژن بێنیٚ، کچەکەمی بەکراسی بەرەوە پێشکەش دەکەم، چونکە حەز ناکەم بیدەمە بێگانە. . منیش وەك باوکێك پێم خۆشە قسەم لەبەرد نەدەیو نەشمیلی ئامۆزات بێنی).

لەناخەوە پتت لێدابام دەتەقیم، کەچی بۆ دڵڕاگرتنی قسەکانی باوکم ، وێڕای نەبوونی ئیشتیا و ئارەزوو کە دوورو نزیك دڵم بۆ نەشمیل نەدەچوو لەگەڵ ئەوەشدا ڕەزامەندی خۆم نیشاندا، بەمە هەفتەیەکی نەبرد دۆر دڕا تەقەی لیّ بڕاو نەشمیلم گواستەوە.

پیرۆزبایی چوونە قەفەزی زێرینی منو نەشمیل لەراگەیاندنەکان بڵاوبۆوە، ئاگام لەو کچە بڕا: (ئاخۆ دەبێ ئێستا ئەو کچە بەو وەزعەی منی زانیبێ ؟! ئەگەر پێی زانیوە چۆن شێت نەبووە، چ جوێنێکی پیسو خراپ هەیە پێمی نەدا).



خۆر بەرە بەرە گەرمیەکەی ون دەکرد، تادەهات ڕووناکیەکەی لەدەست دەداو تاریکی باڵی خۆی بەسەر تەواوی شار کێشا، مەلای مەغریب لەسەرجەم بلّندگۆکان بەرزبۆوە.

ئازاد ئاهێکی قووڵی پڕ بەسیەکانی هەڵکێشا: ( ها مامۆستا درەنگ داهات. . ئەرێ نەچینەوە؟!).

سەری ڕەزامەندیم بۆ لەقاند : ( کەیف کەیفی جەنابتە، بچینەوە؟! بابچینەوە؟!).

ئەو شوێنەی پێیدا هاتین، هەر بە هەمان شوێن گەڕاینەوە، پێش چوونەوەی هەریەکێکمان بۆماڵی خۆی، بەبزەیەکی دەستکردەوە پێموت: (پێم خۆشە ئەمشەو بێیە ماڵمان، بۆ خۆمان هەم قسەی خۆش دەکەین،هەم تۆش ئیدی دوای تەواو کردنی چیرۆکی ئەو کچە، چیرۆکی زینەم بۆ دەگێڕیەوە).

بەدەم پێکەنینێکی واتا دارەوە: (نازانم بۆ ئەوەندە مەراقتە پەیوەندی منو زینە بزانی؟! بەهەر حاڵ خوا موقەدەر نەدا، دوای نانخواردن دێمە ماڵتان، هەرچەندە خاوەن دوو ژنم، چبکەم. . دەی جارێ بەدوعا).

بۆی پێکەنیم: ( بەخێرچی).

* * *

## (بەشی پێنجەم)

ئێوارە زوو نانەمان خواردو گەلاوێژی خێزانم بەر هەیوانەکەی گێسك داو مافورەکانی ڕاخست. . لە دەنگی تەقەی دەرگای حەوشەکە، نەعلەکانم نایە سەرپێ‌و بەرەو دەرگاکە هەنگاوم نا، دەستم بۆ سورجیەکە بردو بەهێواشی کیلۆنەکەم داگرت، دەرگاکەم خستە سەر گازەری پشت، کە سەرم هەڵبڕی،ئازادم کەوتە بەر چاو: ( فەرموو مامۆستا. . فەرمووبۆ سەرەوە هەڵکشێ).

+ شەوباش.

- شەوباش، یا خوا بەخێربێی. . فەرموو ، فەرموو.

بەجووتە بەرەو هەیوانەکە هەڵکشاین‌و لەسەر مافورەکە لەنگەرمان گرت، گەلاٌوێژ دووگلاٌس ئاوی ساردی لەسەر سێنیەك هێناو بەخێرهاتنێکی گەرمی کرد، لەوێوە بەرەو ناندینەکەرۆیی.

ئازاد لەبەر تیشکی گلۆپەکە چەند دلۆپە ئارەقەیەك لەنێوچەوانی دەبینرا، دەتوت رووی ئامانێکەو خوناوی لەسەر کەوتیە، ئارەقە بە پشت هەردوو برۆکانی بەنیمچە لۆفێك ریچکەی بۆ خواردەوە بەستبوو. دەستم گەیاندە سەر رۆخی پەنجەرەکەو دۆمینەکەی سەریم داگرت. .کە کەوتمە تێکدان‌و پاشان ریز کردنی.. دەستمان بەیاری کرد.

گەلاوێژ سەرووچای خەستی لەبەردەم دانایین، بەدەم ئەزنیفەوە قسەمان دەکردو چایەکەمان دەخوارەوە، لەسەرنجدانێکدا: ( ئێیی ئازاد گیان تۆ ئەمرۆ جیقت پێکردم، بەڵێنت دامێ دوای تەواو بوونی چیرۆکی کچێکی‌نەدی‌و نەناس، چیرۆکی دواین ژنتم بۆ بگێڕیەوە، دەی ئێستا قسەم بۆ بکە، بزانم زینەت بەخۆشەویستی ناسی یا بۆیان دۆزییەوە یا ئەوەتە نازانم بڵێم چی ؟!). گویم هەڵخست ئازاد نێوچەوانەنیمچە تەڕاویەکەی بە دەستەسڕەکەی گیرفانی سڕیەوە، بەکەیفسازیەکەوە: ( تۆ بۆ ئەوەندە بە پەلەی،جارێ هەقت بەسەر ئەوەوە نەبێ، چونکە من توانیم بەزیرەکی خۆم قەناعەت بەزینە بێنم‌و قەناعەتێکیش لای نەشمیل برسکێنم لەبەردەم

حاکمدا رازیبوونی خۆی بۆ ئەو ژنهێنانە دەربڕێ. . شوکر ئێستا کێشەی ماڵو جێگەو رێگەم نییە، خۆ حەوشەی ماڵمانت دیوە، بابی هێندە دەکا گەر ژنێکی دیکەش بێنم، کێشەی سوکنەم نەبێ، جا با بێمەوەسەر مەسەلەی ئەو کچەی ئیمڕۆ هەندێ سەرو گویلاکم بۆ شکاندنی. . هەڵبەتە ئەو دووساڵە پڕ بەخششو سەروەریەی ئەشق کە هەرگیز ناتوانم لە هزرو مێشکمی بسڕمەوە. . جێ ژووانی منو ئەو، دوکانێکی گەورەی ئووتی بوو کەباوکم بەکرێ لەناوەڕاستی بازاڕ گرتبووی. . کچەکە زوو زوو بەناوی ئوتووکردنی جلو بەرگەوە دەهاتە دوکانەکەو دەمێ دوان بەیەکەوە دادەنیشتین، تێر تێر تاسەی خۆشەویستیمان دەشکان، بەڵێنو پەیمانی وەفاداریمان بۆ یەك دووپات دەکردەوەو خۆشەویستی نێوانمان بەجۆرێ بوو گەر لەڕێی قوتابخانە نەمبینیایە، ئەوە ئەو دەهاتە دووکانەکە، خۆشیەکەی لەوەدایە چەند جار وارێ دەکەوت لەو وەختەی ئەو دەهاتە دوکانەکە من کەلەوێ نەبوومە،ئیدی خۆی شێلوو نەدەکرد وای نیشاندەدان دەستە جلێکی هێناوەتەیەکێ لەو دوکانانەو لەیادی کردووە بەتەواوی لەچ دوکانێکی داناوەو بەنەرمە زەردەیەکەوە بەباوکم یابەبراکەمی دەوت: (ببوورن وامزانی ئێرە ئەو دوکانەیە کە من جلەکەم لای داناوە). بەمە پێی هەڵدێناو شوێنەکەی جێ دەهێشت.

* * *

دەستێك ئەزنیفم دۆڕاند. . . دەستی دووەممان کردەوە، ئەویشم دۆڕاند، ئازاد بەزەردەیەکەوە چاوی بڕییە چاوم: ( ها، دوای دوو دەست دۆڕاندن بەتەمای چی؟! بەس نییە؟!).

بەشڵەژاوی وەڵامیم دایەوە: (کەیفی تۆیە، بەسبێ ؟! با بەسبێ).

چوار مەشقی لێی دانیشتمو بالیفەکەم نایە کۆشم. . بێدەنگیەکی کڕو کپ بالی بەسەردا کێشاین، هەریەکە ئەندێشەو کەلکەلەمان رووەو جیهانێکی نادیار هەڵفڕیبوو، بیر کردنەوەی هەریەکەمان لەئاشێکی دەکرد . . ئەوەی زیاد لەهەر شتێ لێم ببوو مەراق: ( ئەوە چییە؟! من باسی چی لا دەکەم، ئەویش چیم بۆ دەگێڕێتەوە؟! پێی دەڵێم پەیوەندی خۆییو زینەم بۆ

باسکات، کەچی وەك نهێنیەکی گەورە لەو مەسەلەدابیٚو حەزنەکا نەلای من ونەلای کەسی دیکەی بدرکێنیٚ، خۆی لەخەتی گێلی دەداو سەرگوزشتەو بەسەرهاتی کچە قوتابیم بۆ دەگێڕێتەوە، بەراستی سەیرە .. ئەم مامۆستاو ئەو قوتابی. . ئاخۆ حیکمەتی ئەم عەشقە لەچی دایە؟!).

* * *



## (بەشی شەشەم)

گەلاوێژ لەسێنیەکی گەورە کە دوو فەخفوری پڕاو پڕ لەترێو هەنجیری لەسەر دانابوو، هێنای لەبەردەمی دانایین. . کە دەستم بۆ هێشوویەکی ترێیەکە بردو داهاتمەوە: (فەرموو قوربان دەست درێژکە).

ئازاد بەقنگەخشکێ کەمێك هاتە پێش، بە ئەدەبەوە دەستی گەیاندە هێشووێكو دانە دانە لێی دەپچڕیو دەیخستە دەمیەوە. . بێ ئەوەی داوای لێبکەم، زمانی هاتە گۆ: ( شیرین پلکزای دایکمە، نازانم دەیناسی یان نا ؟! دراوسێی ماڵی ئەوکچەبوو).

خەریکبوو لەپێستی خۆم بێمەدەر، بەتووڕەییەوە: ( ئەرێ بەسەر هاتی ئەوکچە بوو بەچی هەر تەواو نەبوو؟! توخوا بەسسە حەز ناکەم چیدی مێشکم بەو باسەوە خەریك کەم).

زەردەخەنەیەك لەسەر لێوانی دیاربوو دەتووت شتێك دەزانێو نایەوێ بەکەسی بڵێ، درێژەی بەقسەکانیدا: ( ئێ دەباشە با ئەو باسە تەواو کەم، ئینجا چ دەپرسیو پرسیاری چیم لێ دەکەی، بەسەرچاو بۆتێ دەگێڕمەوە، جاسەری برای خۆ نەیەشێنم، شیرین پێشتر بەپەیوەندی من وئەو کچەی دەزانی، بۆ سەرخستنی ئەو ئەشقە بێگەردە، هەر شتێکی لەمەڕ ئەو کچە بزانیایە، یەکسەر بێ سێو دوو خۆی دەگەیاندە ماڵمانو بەدزی نەشمیلەوە ئەوەی دەیبینیو دەیبیست، لەنووکەوە هەمووی بۆ دەگێڕامەوە، زۆر کەرەت پێی دەوتم: مامۆستا ئازاد دەزانی هەرجارێ تۆ لەو بەرنامە مۆسیقیەی تەلەفزیۆن دەردەکەوی، ئەوکچە بەستەزمانە دەشڵەژێو پشی دەخواتەوە،بەزەقی تووڕەییو رقو بێزاری لەناوچەوانی دیارەو وەها بەقووڵی تەماشات دەکا، چەند جار بەچاوی خۆم بینیومە بێ ئاگا لەحاڵی دەوروبەر،فرمێسك بەخوڕ لەچاوانی داباریوە، ئەمەنیشانەو بەڵگەیەکی زەقو زیندوە کەهێشتا ئەو بەیادی تۆوە دەژێو چاوی لەدواتە. چەند جار پاش بەکۆتا هاتنی ئەو بەرنامەیە، بەتوانجەوە پێموتوە: (هاکچی قەلەندەر ئەو داڵغەیە چی بوو؟! ئەو فرمێسکە بەخوڕانەت چ مانایەك دەداتە دەستێ؟!).

ئەو کچەش دادەچڵەکێ، بەترسەوە ئاوڕێکی ئەملاو ئەولای خۆی دەداتەوە،

بەخێرایی دەست دەگەیەنێتە بەر بینیو فرمێسەکاکانی دەسڕێتەوە، ئەوجا بەدەم بزەیەکی سازگارەوە کە هێشتا چاوی پڕ ببون لەفرمێشك وتی: ( نا.. نا هیچ نییە، کەمێ دڵم تەنگە). هەر شیرین بۆی گێڕامەوە وتی: ( رۆژێکیان چوومەماڵیان، ئەو بەتەنها لەماڵەوە بوو، لەحەوشە لەسەر نیمدەرەیەکی رەقو تەق دانیشتبوو، پاڵی بەدیوارەکە دادابوو، دەبینم بەداڵغەوە لەیەك لەو گۆڤارە کۆمەڵایەتیانە راماوە. . بەئەسپایی، بێ هەستو خوست لێی چوومە پێشو لەدەروونەوە بەخۆم وت: (شەرتبێ نەسەلامت لێ بکەم تا نەزانم چیت لەبن سەرە، سەیری چی دەکەیو داڵغەت لەچی لێداوە؟!)کە نزیك بوومەوە، چوومە دیار سەری تەماشا دەکەم ئەوە بابەتی ئەو ریپۆرتاژەی تۆی کردۆتەوەو لەوێنەکەت راماوە، بەخەیاڵ چووەتە جیهانێکی دی. لەناکاو بەبینیم گۆڤارەکەی پێوەداو بەشپرزەییەکی تێکەڵ بەزەلیلی وتی: (شیرین ئەوە لەکەیەوە لێرەی؟!). وچانێك تێوەری رامامو خۆم لەگوورەنەبرد: (ناخوشکم زۆر لەمێژ نییە، ئێستا هاتم. . ها ئەمجارە لەخەت گیرای، ئەو جارەیان چی دەڵێی؟! دەبڵێ بزانم ئەو داڵغە عەنتیکەت لەچی دابوو؟! ناکا داڵغەت لەئازاد دابێ کەئێستا خاوەنی ماڵو مناڵی خۆیەتی؟!) هەستی بەشپرزەییەکی دەروونی کرد، خۆی بۆنەگیرا،دایە پرمەی گریان، لەرقان کەفی دەچنی وبەدەم هەنسکدانەوە جنێوی پێدای: ( ئای کەئەو بێ وەفاو بێ ئەمەکە غەدرێکی گەورەی لێ کردم؟! چبکەم ئێستاش ناتوانم ساتە خۆشەکانی ئەو لەیاد کەم،هەرچەند زانیومە لەو ژنهێنانەی تاوانی نییەو باوکی بەزۆر ژنی پێ هێناوە. . بێ دەسەڵاتێکی وەك منیش قوڕی کێ بکات بەسەری خۆیدا، ئەوەندەی دەکەمو دەکۆشم تاهەتایە لەبیرو زەینمی رەشکەمەوە، کەچی مەحاڵەو ناتوانم).

ئەوقسانە وەك نەشتەرێ وابوون، ناخیان سمیم، رۆژبەرۆژ زامەکانم سەر لەنوێ دەکولآنەوە. . کچە پۆلی شەشەمی بڕیو لەپەیمانگەی تەکنیکی هەولێر وەرگیرا.

من لەو پتر ئۆقرەم لەبەر هەڵگیرا، چۆن بێ ئەو بژیمو شەو بکەمەوە؟! حەوسەڵەم نەما، چیبکەم؟! چۆن خۆمی بگەیەنمێ؟! بەحوکمی ئەوەی پێشتر

لەدەزگای ڕاگەیاندن ئیشم کردبوو، مامەڵەی وەرگرتنم پێشکەش بەهەمان پەیمانگە کرد، لەبەشی ڕاگەیاندن وەرگیرام، ئەمە لەکاتێکدایە کچەکە دوا ساڵی خوێندنیەتی‌و منیش لەیەکەم ساڵی خوێندندام.

ئاهەنگی یەکتر ناسین سازدرا. . بۆ جارێکی دی‌و بۆ یەکەمجار دوای هەموو ئەوماوەیە، یەکدیمان بینیەوە. . ئەو چاوی لێ نەگوازیەوە،دواتر وەك مێشیشی میوان نەبێ‌و لەژیانی دا منی نەبینیبێ، ڕووی لێوەرگێڕام‌و لەگەڵ هاوڕێکانیدا کەوتە دەمە تەقێ وگفوگۆ.. ئەو دیمەنە بۆمن بووە سەرەتای بێ ئومێدی‌و نیگەرانی بەجارێ هەوزەڵی بۆ هێنام. . ڕۆژ بەرۆژ بەهۆی ئەو تیلە نیگایانەی ئاڕاستەی یەکدیمان دەکرد، دەرفەتی لێك نزیك بوونەوەمان بۆ ڕەخسا، بۆ چەند ساتێ بەیەکەوە دەوەستاین، باسی خۆشەویستیمان دەکرد. .ئەوکاتانەی ببڕای ببڕ لەیاد ناکرین:

کاتێك ڕووبەڕووی بوومەوە، لەناخەوە پێم وت: **(گیانەکەم بێ دەنگیت دەمرێنێ.. لەچاوانت وردە گلەیی دەخوێنمەوەو لەزمانیشت بێ دەنگی، لەنێو بوخچەی دڵت عەشقێکی شەکەتم لێ دیارەو لەسیماشت تووڕەیی..هەقتە گەر بەچ نیەتێك بمخوێنیەوەو وەسفم بکەی، گەر بشمسوتێنی هێشتا هەر قەرزارتم)**[1].

**کچە خۆی نەگرت ،فرمێسکی لەچاو داباری‌و وتی: (بڕوا بکەمن لە جاران زێتر خۆشم دەوێی، هەرچەند بەقەد مەودای دووری ڕقم لێتە، کەچی لای من هێندە شیرینی، بەبێ دەنگیش هەر خۆشەویستی)**[2].

**کەوتم: ( من دەزانم لای من خەمەکان ئاڵۆزن‌و لای تۆش ترسەکان گەورەن، لەم جیاوازیەی نێوانمان، ئێمە بووینە هاودوژمن، هەمیشە بیر لەدوا قسەی دڵداری نێوانمان دەکەمەوە چۆن بەووشەیەك هەموو حەزەکانتم قفڵدا، دەرگای ئەڤینتم بێ دەنگ کرد، بەبیرت دێ لەیەکەم دیداری یەکتر ناسین، بەبێ دەنگی موعجیبی یەکتر بووین‌و شیلەی چاوانمان بەبێ دەنگی بۆ یەك**

---

(١) **شاعیرێك خۆشیدەویستی– فرمێسکە شیعری ئاری ئاغۆك.**

(٢) **هەمان سەرچاوە.**

**ڕاما، ئیدی دەروازەی ژوانمان بەبێ دەنگی دەستی پێکردو ئاواش بەکۆتا هات) [٣].**

**دەستی خستە ناو دەستمو دەستی کردە پێکەنین: ( لەئۆخژەنی پێکەنینت تێرنابم، هێندە بەلەزەت پێدەکەنی، وا هەست دەکەم لەگەڵ هەر بزەیەکت هەموو دونیا دەهێنیە هەژان).**

کچە پەیمانگەی تەواوکردو بووە مامۆستا، لەو ڕۆژانە بینیم وتی: (بیرت دێ پێشان تۆ مامۆستا بووی ومنیش قوتابی. . . ئەوە زروفە وا بەچاوی خۆت دەمبینی ئێستا من مامۆستامو تۆش قوتابی).

* * *

ئازاد کاتێك دەستی ڕاستەی بۆ بەرچاوی بردو سەعاتەکەی دەستی خوێندەوە، ڕووی تێکردم: ( کاتمان درەنگ داهێنا، بەیارمەتیت دەبێ هەڵسم).

پێموت: ( بۆ وا بەپەلە؟! ئاخر هێشتا زووە . . بەڕاستی دڵگرانم لێت، ئەمڕۆ چوو و ڕابرد هەر کەونە کات بەبا کردو باسی کچێکت بۆ کردم بێ ئەوەی سوودێکی هەبێ).

بەگاڵتە ئامێزەوە کەنقومی خۆشحاڵی ببوو: (دەزانم ئەو مەسەلەیەت لا گرنگە شتێکی لەبارەوە بزانی، بۆیە تائەو شتەت لەبەر دڵ نەبێتەگرێ، ڕاستیت پێ دەڵێم، هەموو ئەو چیرۆکەی ئەمڕۆ بۆم گێڕایتەوە تەواوی ئەو بەسەرهاتەیە کەمن پێشتر لەگەڵ زینەدا هەمبووە، ئێستا تێگەیشتیو دڵت ئاوی خواردەوە؟!).

دەمم بوو بەتەڵەی تەقیوو، دەمم بەش بۆوە: ( ئەوە بەڕاستتە؟! ئەی چۆن ماڵەوەیان یاماڵەوەتان بەم کارە ڕازیبوون لە کاتێکدا تۆ خاوەن ماڵو مناڵی خۆتی؟!).

---

(٣) هەمان سەرچاوە .

هەربەپێوە وتی: (کە دووەم ساڵی خوێندنم لەپەیمانگە تەواو کـرد، بـاوکم نارده خوازبێنیو ئەوانیش خوا کاریان راستبێنێ وتیان ڕای زینە وەردەگـرین گەر راز یبێ ئەوە نەك جارێ هەزار جار پیرۆزو موبارەکی کوڕتان بێ).

زینە رازیبوونی خۆی نیشاندا، هەر ئەو شەوە زینەم مارە کرد، ئێسـتاش بڕیارم داوە ئەم هەفتەیە بیگوازمەوەو نیازم وایە سـبەی کـارتی داوەتنامـە ئامادە بکەم، بێ شك دانەیەك بۆ جەنابتانە).

هەناسەیەکی پڕ خۆشیم هێناو بردو ئەملاو ئـەولای رووومـەتیم ماچـکرد: (دەك هەزار جار پیرۆزتبێ. . وەڵڵاهی ئێستا دڵم داکەوتو زۆریش خۆشحاڵ بووم، ئیشەڵڵا گەر شاییتان کرد، شاییەکی گەرم و گوڕت بـۆ دەکـەم. . ئـێ دەتوخوا نەختێکی تر دانیشە. ؟! ئاخر هێشتا زووە).

+ کـوڕە زووی چـییە؟! بڵـێ تـازووە بـڕۆرەوە تـا دەرگایـان لەسـەر دانەخستووی.



– هەی ئۆمـەر بزانـە قـەت لەوقسـە قۆڕانـەت دەکـەوی، هێشـتا نەبوویتـە خاوەن دوو ژن ئاوا دەترسێی، ئەی دەبـێ دوو رۆژی دیکـە هەڵەیـەکت کـرد، ژنەکانت چیت لێبکەن؟!

+ دەی بۆ ئەو رۆژەخوا کەریمە.

دەسـتی تەوقـەی درێـژکرد: (ئـەوجا بەدوعا).

چوومە ژێـر بـاری تەوقەکـەو دەسـتم نایـە دەسـتیو تونـد گوشـیم: ( یـاخوا بـەخێربێی سەرچـاوان. . جـارێکی دی لەناخەوە پیرۆزباییەکی گەرمت ئاڕاسـتە دەکەم).

تابەر دەرگـای حەوشـە بـەڕێم کـرد، لەدوایەوە دەرگاکـەم کلـۆم داو تانوێـژی

شێوانم کرد، گەلاوێژ دەستو برد هەموو جێیەکەی راخستبوو.. چوومە سەر جێیەکەمو لەسەر پشت راکشام. . . دەمێ دوان لەوکۆمەڵە ئەستێرە رامامو چاوم بەو مانگە زاخاودا کە وردە وردە بەرەو چەقی گەردوون هەنگاوی دەناو روناکیەکی زێڕو زیوینی بەخشیبووە ئەو دەوروبەرە، باوێشکێکی قوولّی یەك لەسەریەکم داو نازانم چۆنو چ کاتێك هوروژمی خەوی گران کاری خۆی کردو خپی کردم.

* * *

**کۆتایی**

# نواڵەی نوێ

**گۆڤارێکی مانگانەی رۆشنبیری گشتی – ئەهلی یە –**

**خاوەنی ئیمتیاز : هۆشیار نوری لەك ــ سەرنووسەر : ئـاری ئـاغۆك**

**تـا ئێستا وێرای چەندین چالاکی ئەدەبیو رۆشنبیری ئەم کتێبانەشی بەچاپ گەیاندووە :**

| ز | نـــاوی کـــتێب | بابـــەت | نووســـــەر |
|---|---|---|---|
| ١ | سەفەرە تاڵەکەی منو دوعا شیرینەکانی دایکم | شیعر | ئاری ئاغۆك |
| ٢ | گەنج و گرفتە دەروونیەکان | دەروونزانی | یوسف عوسمان حەمەد |
| ٣ | ٧٧٧ مەتەڵی کوردەواری | فۆلکلۆر | هۆشیار نوری لەك |
| ٤ | چرکەیەك تەمەن | شیعر | رێدار کانەبی |
| ٥ | کاتێ شیعر دێتە گۆ | شیعر | عەبدال شێخانی |
| ٦ | هەگبەی مێژوو | کتێبی مێژوویی | هۆشیار نوری لەك / شەیدا شێخانی پێداچوونەوەی / ئاری ئاغۆك |
| ٧ | قەسیدەی چەپکە گوڵ ، لەمەدحی خواو رەسوڵ | شیعری ئایینی | مەلا عومەر مەزڵووم |
| ٨ | دیــوانی | شیعر | ( ١٠٦ ) شاعیر |
| ٩ | رەنگاو رەنگ | شیعری منداڵان | منداڵان |
| ١٠ | سەمفۆنیای گریانێکی بێ دەنگ | شیعر | ژیان بابەگورگور |
| ١١ | گەنجو گرفتە دەروونیەکان ( چاپی دووەم ) | دەروونزانی | یوسف عوسمان حەمەد |
| ١٢ | هەگبەی زانین بۆ زانستە پێوانەییەکان | زانیاری | زانا عەلی محەمەد |
| ١٣ | چاوەرێ .. لە شەوانی فرمێسکی وشەکاندا | شیعر | سالار عەبدولرەحمان |
| ١٤ | ماڵئاوا گوڵی خەم | کورتە رۆمان | د. هیمدادی حوسێن |
| ١٥ | ( ٩٥٥ ) مەتەڵی کوردەواری | فۆلکلۆر | هۆشیار نوری لەك |
| ١٦ | هۆنراوەکانی ووشیار عەبدوڵلا | هۆنراوە | ووشیار عەبدوڵلا |
| ١٧ | خۆشەویستی کچێك لەزانکۆدا | کورتە رۆمان | شاخەوان عەلی حەمەد |
| ١٨ | بزاڤی تەغــریبی | کتێب | ئـــاری ئـــاغۆك |
| ١٩ | وتە ئەڵماسیەکان | ووتە | تەحسین خالید |
| ٢٠ | عەشقی نێوان مامۆستاو کچە قوتابی | کورتە رۆمان | شاخەوان عەلی حەمەد |

**لەئایندەیەکی نزیك دا بەهاوکاری سەنتەری رۆشنبیریی بەهــرە**
**چەندین کتێبی تر دەخەینە نێو کتێبخانەی کوردییەوە**

## سەنتەری ڕۆشنبیری

# بەهـــرە

سەنتەرێکی ڕۆشنبیرییە بایەخ بە بەهرەی
لاوان دەدات، تەکانی ڕۆشنبیری ئەنجام دەدات،
لەتەک نوالەی نوێ وە خزمەت بەرەوشی ڕۆشنبیری کوردیمان
دەکات، ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی ئەم
سەنتەرە بەچاپ گەیەندراوەو لەئایندەیەکی
نزیکدا چەندین چالاکی و کۆڕو سیمینار
ئەنجام دەدات.

سەنتەری ڕۆشنبیری بەهـــرە
کانوونی دووەمی ٢٠٠٥